# پەرتەوازە بوون

شیعری/جەلال بەرزنجی

نەتەوەیەکی پەرتەوازەبوو,
رۆژێ,
میرنشینێك
و
هۆزێك
و
شۆڕشێکی
تیا دەپوو
سروشتێکی پەرتەوازەبوو,
رۆژێ
درەختێك
و
کانییێك
و
پارچە خاکێکی تیا دەچوو
ئاوازێکی پەرتەوازەبوو,
رۆژێ مەلی نۆتەیێکی باڵیان دەگرت!
شاعیرێکی پەرتەوازەبوو,
رۆژێ,
ئەزمونێك
و
عیشقێك
وسروشێکی تیادا دەمرد!
غەریبی ئارامیان لێ هەڵگرت
غەریبی (مەنفا) یان پێنەهێشت
غەریبی دوو دڵیان کرد
دوو دڵیەکی دوور لە یەقین!